ئەو رۆژانە چۆن لە بیردەکرێن ؟

شاناز

خۆشەویستی نیشتمان بەشێکە لە خۆشەویستی دایک. کێ بێ حەز بەدەربەدەری نیشتمانەکەی بکات، کامە مرۆڤ هێندە دڵ ڕەقە حاشا لەخاکی خۆی بکات. هەر وڵاتێک لە کاتێکدا وڵاتەکەی داگیر دەکرێ، بە هەزاران هاووڵاتی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی ئازادی و رزگاری نیشتمانەکەیدا. کوردستانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەهەزاران شەهیدی داوە، بەهەزاران کورد ئاوارەبوون لەپێناوی خاکەکەیدا، تا رزگاریان کرد لەدەست دیکتاتۆریەت. حکومەتێکی کوردی ئازادیان دامەزراند، بەڵام ئایا ئەو حکومەتە زۆرینەی ئاوات و خواستەکانی جەماوەری هێنایەدی؟. گەلی کورد لەسەرەتاوە بەڕوکەش ئازادبوو، بەڵام لەناوەڕۆکدا زۆر ماندوو بوون و بێ دەرامەتی و هەژاری سەراپای خەڵکی داگیرکردبوو. حکومەت جگە لەململانێ و شەڕی ناوخۆ و گیرفان پڕکردنی حزبەکانیان، بە پێی پێویست ئاوڕیان لە خەڵکی نەدەدایەوە. تا وای لێهات بە هەزاران هاووڵاتی کورد نیشتمانی خۆیان بەجێبهێڵن، بەرەو تاراوگەیەکی نامۆ بڕۆن. بەسەدەها خێزان و بە هەزاران گەنج تووشی نەهامەتی و کارەساتی جۆراو جۆر بوون لەو ڕێگایەدا کە چەندین دایک تەرمی کوڕەکانیشیان نەبینیوە، چەندەها هاوڕێ بەبینینی بەرگی هاوڕێکەی لەو ڕێگەیەدا، خەمێکی گەورەتر لەدڵیان بەرپابوو. خۆزگە حکومەت ئاوڕێکی لە گەنجان بدایەتەوە، با کۆست و خەمەکان دووبارە نەبنەوە. بۆ گێڕانەوەی یادە سەختەکانی ڕێگەی هەندەران ئەم بەڕێزانە بۆمان دوان:

خالید ئەبوبەکر ئەحمەد، هەندەران: ناخۆشترین کات و ناخۆشترین دیمەن کە لە ژیانمدا بووبێت، کاتێ لە تورکیاوە بە ئاوی ئیجە بەرەو ئەسینا پەڕینەوە کۆمەڵێک برادەری یەکتر بووین قاچاخچییەکەشمان کوردبوو، ٦ کەسی ترمان لەگەڵدا بوون ئەوان ئەفغانی بوون. کاتێ سواری یەختەکە بووین زۆر بووین یەختەکە قورس بوو، قاچاخچییەکە وتی: هەموتان چاوتان ببەستنەوە، لەپێشدا لە ئەفغانیەکانەوە دەستی پێکرد هەر شەشیان چاویان بەستەوە، ئێمەش خۆمان حازر کرد چاومان ببەستنەوە، بەڵام بە ئێمەی وت ئێوە قەیناکە چاو مەبەستن. هێندەم زانی یەک یەک ئەفغانیەکانی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە و خنکان، ئێمەش زۆر ترسابین و وتمان ئێستا واش لە ئێمە دەکات، سەیری کردین و گوتی ئێوە کوردن هاو ڕۆحمن لەبەر ئێوە وام کرد، بەس ئەوەی لەقسەم دەرچێ وەک ئەوانی لێ دێت. تا لە ژیاندا مابم هەرگیز ئەو دیمەنەم بیر ناچێتەوە.

ئەردەلان حەمە ساڵح، سنورداش: دوای کۆڕەوەکە بە چەند ساڵێک، لەگەڵ دووبرادەرم لە ئێران بووین کارمان دەکرد. ماوەیەک بەیەکەوە بووین بیرمان لەوە کردەوە کە بەقاچاخ بڕۆین بۆ ئوسترالیا ئێمە لەبەندەر عەباس کارمان دەکرد. پارەکەشمان تەواوی نەدەکرد کە لەگەڵ قاچاخچیان بڕۆین، تەکبیرمان کرد کە بەدزییەوە بچینە ناو پاپۆڕەکان، پێشتر زانیمان کام پاپۆڕ بۆ ئوسترالیا دەڕوات، ڕۆژی پێشتر خۆمان حازر کرد و شەو بەدزییەوە چوینە ناو پاپۆڕەکەوە، پارەمان دا بەحەرەس پاپۆڕەکە ئەویش قسەی نەکرد یەکێ لەهاوڕێکانم چووبووە ناو مەکینەی پاپۆڕەکەوە کاتێ بەیانی پاپۆڕەکە بڕوات کە گەرمیان کرد چاوم لێ بوو هاوڕێکەم وەک تۆپ لە لولەی دوکەڵی پاپۆڕەکەوە هاتە دەرێ و کەوتە ناو پاپۆڕەکە، یەکسەر خنکابوو و مرد، لێی کۆبوونەوەو لایان برد. ئەوی تریان لە شوێنی لەنگەری پاپۆڕەکەدا خۆی شاردبۆوە، کاتێ لەنگەریان هەڵکێشایە ئۆتۆماتیکی چوویەوە جێی خۆی، ڕێک بەر هاوڕێکەی ترم کەوتبوو. کاتێکیان زانی خوێن هاتەدەرەوە. ئیتر زانیان کەسێکی تر هەیە لەناو پاپۆڕەکە، گەڕان منیشیان دەستگیر کرد پاش لێکۆڵینەوە ئازادییان کردم. ئەو ڕووداوە ناخۆشترین ڕۆژ و کات بوو لە ژیانمدا. بەڵێنم دا هەرگیز نەڕۆم بۆ هەندەران.

سەردار محەمەد عەلی، هەندەران: کە لەکوردستا دەرچووین هیچ خۆشیم نەدیت، لەئێران و تورکیا نارەحەتی زۆرمان چەشت کاتێ گەیشتینە ئەسینا پاش ماوەیەک لەوێش دەرچووین زۆر بە نارەحەتی، کاتێ چوینە بەلجیکا، ویستمان لەوێوە بڕۆین بۆ سویدو نەرویج. لەگەڵ ٣ هاوڕێمدا خۆمان لە ناو شاحینەیەکی بارهەڵگردا شاردەوە، یەکێ لە هاوڕێکانم لە ژێر شاحینەکەدا خۆی شاردبۆوە خۆی هەڵواسی بوو، قاچی بە ئاسنی ژێر شاحینەکەوە تووند کردبوو، کاتێ شاحینەکە دەڕوات لە ریگە دەستی بەردەبێ و سەری دەدرێت بە زەویدا، هاواری لێ بەرزبووە. ئێمە گوێمان لە دەنگی بوو، بەڵام نەمانتوانی قسە بکەین، چەندە شاحینەکە ڕۆیشتبوو سەری ئەویش بەزەویدا خشابوو. هەریەک لە ئێمە لە دڵی خۆیدا بۆچوونێکی هەبوو، کە چی بەسەرهاتبێت، کاتێ سەیارەکە وەستاو لە ریگەدا ئێمەش خۆمان ئاشکراکرد.

سەیرمان کرد قاچی بە ئاسنی ژێر شاحینەکەوە تووندبووەو سەرولاشەشی بەزەویدا شۆڕبۆتەوە، زبری جادەکە هەموو سەروشانی بردبوو تەنها یەسقانی دەموچاوی مابووەوە. هەریەک لە ئێمە بەبینینی دیمەنی هاوڕێکەمان مردنی خۆمان بە ئاوات دەخواست، ئەو کارەساتە هەموو ڕووداوە ناخۆشیەکانی تری بیربردمەوە. ڕووداوێکە هەرگیز بیرم ناچێتەوەو لە یادمدایە.

شیلان عومەر سلێمان، سنورداش: کاتێ لەگەڵ خێزانەکەماندا بریارماندا، بە خێزانی بڕۆین بۆ هەندەران. ٨ نەفەربووین هەر لەئێران دایک و باوکم و منداڵەکانی ترمان گەڕانەوە، بەڵام من و دووبرام نەگەڕاینەوە. کاتێ لەگەڵ قاچاخچییەکەو نەفەری تردا ڕۆیشتین بەرەو تورکیا، پایزێکی زۆر سەخت بوو بەفر دەباری. برا بچووکەکەم تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو لەنیوەی ڕێگەدا توانای ڕۆیشتنی نەما، لەگەڵ برا گەورەکەمدا هەڵمان دەگرت و دوای وەجبەکە کەوتین، قاچاخچییەکە پێی گوتین ئەو گلۆپانە دەبینن دەچینە ئەوێ و ئەوە چاوەڕوانی ئێوە دەکەین. هەرچەندمان دەکرد نەدەگەیشتین تەواو هێزمان لێبڕا. برا بچووکەکەم پێی وتین توخوا دابنیشن زۆر هیلاکم، بە منی گوت دادە توخوا با سەر بکەمە سەر ڕانت، سۆزی دایکم بەتۆوە ناوە، با تۆزێک بخەوم. منیش هەر دەگریام و وتیان بابڕۆین ئەویش نەیتوانی ڕێبکات، لەگەڵ برا گەورەکەمدا خستمانە باوەشی خۆمان تا لەسەر بەفرەکە نەبێت چاوی لێکناو خەوت، بەڵام چی خەوێک تا ئێستەش هەر خەوتووە، ئیتر کۆچی دوایی کرد تەنها لە ماوەی ٥ دەقیقە دابوو. ناسۆرترین کارەسات بوو براکەم لە ڕێی هەندەران لە ناو بەفردا کۆچی دوایی کرد ئێستەش گۆڕەکەی لە سنووری (وانە) لەتورکیا، هەرگیز بیرم ناچێتەوە.

پاش ڕاپەڕین کوردستان بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە، نەداری و هەژاری باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەبارودۆخێکی ناهەموواردا دەژین، جگە لەشەڕی ناوخۆی حزبەکان کە گورزێکی جەرگ بڕ بوو لەمیللەتی کوردی وەشاند. ئەمانە بووە هۆی ئەوەی کە بەهەزاران گەنجی کورد، ڕێگەی نەهامەتی و مردن و ژیان بگرنەبەر، بەرەوە هەندەران و خاکی نامۆیی بڕۆن ئەو ڕیگایەی بە هەزاران ڕۆڵەی کورد بونەتە قوربانی و بێ سەرو شوێن نەگەڕانەوە، ئەو ڕیگایەی سەدان گۆڕی بێ ناونیشانی کورد دێتە ڕیگەی کۆچ بەران، جگە لە ئاوی نێوان تورکیا و ئەسینا کە هەزاران گەنجی تیا خنکا. ئەمانەش لەئەنجامی کێ بڕکێ و ململانێی حزبەکان بوو بۆ گیرفان پڕکردن و پۆست و دەسەڵات کە هەرگیز بەدەنگ هاواری ڕۆڵەی کوردەوە نەدەهاتن، ئەوەی وریا بووایە دەڕۆشت بۆ هەندەران و ئەوەی داماو بێ دەسەڵات بوایە دەمایەوە بۆ ژێر دەستەی حزبەکان.

قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ٢٥ دیناری سویسری ئەکرێتەوە

ناسر ئەبوبەرکر

ڕژێمی سەدام حسین لە ساڵی ١٩٩٣ دا بە بڕیاری بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بڕیاری ژمارە ٧٩ لە ١٩٣/٥/٤دا دەرکرد، ئەویش بۆ سحب کردنەوەی بەنرخترین دراوی عیراقی لە جۆری ٢٥ دیناری سویسری، بەمەش هەموو خەڵکی عیراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی عیراق بە تایبەتی زەرەرمەندبوون، بەڵام لە سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەی پارەگۆڕین لە عیراقدا لیژنەیەکی بەدواداچوون پێکهێنراوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە

١- لە سەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا هەوڵیان زۆر دا ئەوانیش داواکەیان بە ڕەوا زانی و ئاگاداریان کردن کە لە دامەزراندنی حکومەتی عیراقدا ئەبێت کێشەکەتان چارەسە بکرێت.

٢- لە کاتی ئەنجومەنی حکومدا لە عیرا نوێ هەوڵیان زۆردا ئەوانیش داواکەیان بە ڕەوا زانی و ئاگاداریان کردن ، دوای هەڵبژاردن و دانانی پەرلەمان کارتان بۆ ئەکەین.

٣- چەند جارێک لە ڕێگەی بەڕێز کاک عبداللە حاجی سعید، یاریدەدەری بەڕێز مام جەلال بۆ کاروباری بازرگانی بە نوسراوی تایبەت جەنابی مام جەلال ئاگادارکراوەو، وە جەنابی زۆری پێیخۆشبووە کارئاسانی بۆ بکرێ.

٤- لە کاتێکدا کە بەڕێز د. بەرهەم جێگری سەرەک وەزیرانی پێشووی عیراق بوو، ابراهیم جەعفەری جێگری سەرەک کۆماربوو، لە ڕێگەی یاریدەدەری بەڕێزمام جەلالەوە بۆ کاروباری بازرگانی هەردووکیان لەو کێشەیە ئاگادارکراون، هەڵیان داوە بۆ چارەسەری گەنجاو.

٥- لە زۆربەی لقەکانی (پ.د.ک)ەوە نوسراوی تایبەت بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بەرزکراوەتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت جەنابی کاک مەسعود بارزانی.

٦- هەروەها لە ڕێگەی مەڵبەندەکانی (ی.ن.ک)ەوە داوا لە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) کراوە بۆ هەوڵدان بۆ چارەسەر.

٧- دەیان جار سەردانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق کراوە بە تایبەتی بەڕێز عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێز د. ناسیح غەفور سەرۆکی کوتلەی زەرد لە پەرلەمان، هەروەها ئەندامی تر لە حیزبە کوردستانییەکانی تر، وە هەمووی ڕۆژیان پێخۆشبووە بۆ هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە.

دواجار کێشەکە بە هەوڵی هەموو لایەک وروژا، بۆیە پەرلەمانی عێراق نوسراوێکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بە ژمارە (م ر/٥) لە ٢٠٠٥/٧/١٩ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی لەو کێشەیە زەرەرمەندبوون، وە پەرلەمانی کوردستانیش لە ٢٠٠٥/١١/٢٢ دا بە نوسراوی ڕەسمی بە واژۆی سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی داواکارییەکەی پەرلەمانی عێراق دراوەتەوە بە نوسراوی ڕەسمی ژمارە (١٢٢٤/٣/٤) بۆ چارەسەری کێشەکە. وە چەندین نوسراوی تر لە نێوان پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستاندا تاووتوێ کراوە بۆ چارەسەر.

خۆشبەختانە ئێستا تەنها یەک ئەندام پەرلەمانیش لە کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە ڕێگرنین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، لەبەر ئەوە هیوامان وایە کە بە زووترین کات ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێت بە سوودی خەڵکی کوردستان و خەڵکی ناوچەکانی تری عیراقیش، چونکە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد هەوڵی خۆی بە جدی خستۆتە گەڕ بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق، کە هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانن.

سیستمی سزا لە کوردستان چۆنە؟

شوان محەمەد

ئەو ناونیشانەی سەرەوە کەباسی لێدەکەم ڕەنگە خوێنەران واتێبگەن کەباسی زیندان یان سەرپێچی یاسایی و هاتووچۆ بێت. بەڵاتانەوە سەیر نەبێت کەلەباخچەی ساوایانیشدا ئەوسیستەمە هەبێت، ئێمە ڕۆژانە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا باسی گۆڕان دەکەین واتە داوا دەکەین بەکۆمەڵگا بگۆڕین خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان ڕاستە قۆناغێکی بڕیوە لەپیادەکردنی مافە مەدەنیەکان و مافی مرۆڤ لەگەڵ هومموو کەموو کوڕیەکانیشدام بەتایبەتی لەودیو میکرۆفۆنەکاندا لێپرسراوان زۆر باس لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن و باسی بەجیهانی بوون و هەنگاونان بەرەو سیستەمی مۆدێرن ئەگەر هەنگاونان بەرەو مەدەنیەت بێت و پەروەردە کردنی تەندروستی ئەوەبێت کە لەکوردستان پیادە دەکرێن. ئەوەمان گەرەک نییە. ئەگەر ئارام گرتن بێت. ئێمە پانزەساڵە ئارام دەگرین. تاوای لێهاتووە بۆتە هۆی لەدەستدانی ئارامی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆژەی منداڵەکەم یاری دەکرد لەماڵەوە. بەبوکەکەی دەگوت: ئەگەر هاری بکەن دەتان بەم بۆ ژوری (عقوبە) دوایش دەتان کەمە دەرەوە واتە دەرەوەی باخچەی ساوایان. بۆئەوەی دکتۆرەکان بتان کوتن. من سەرسام بووم بەم قسەیە. کاتێک ووتم ئەم قسەیە لەکوێ فێربووی ووتی: دادەکان پێیان وتین هەر منداڵێک هاری بکات و بگری دەینێرین بۆ ژوری عقوبە. من لێرەدا ناوی هیچ باخچەیەک یان خوێندنگایەک ناهێنم. چونکە پێموایە ئەوە بووە بە پەروەردە لەهەندێ باخچەو خوێندنگادا. پێویستە لەسەر حکومەت بەتایبەتی پسپۆڕانی بواری پەروەردە چاودێری بەردەوامی دەزگا پەروەردەییەکان بکەن باوەک باوکان لەزیندانەکان ڕژێمی پێشوو عقوبە دەدران منداڵەکانمان لەسایەی ئازادی و دیموکراسیدا لەسایەی هەڵمەتی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە عقوبە نەدرێن و چونکە منداڵ بەبێ تاقیکردنەوە پزیشکیەکان بەتایبەتی پسپۆڕی دەرونی منداڵ. لە تەمەنی سێ ساڵیدا تا پێنج ساڵی کەسێتی دەردەکەوێت تکام وایە تاکەی توندوتیژی جەستەی و دەرونی منداڵان پیادە بکرێت ئومێدەوارم. یاخود داواکارم لە لێپرسراوان فریای سیستەمی پەروەردە بکەون و لەپێناو پێشکەش کردنی نەوەیەکی تەندروست.

وەک خۆی

فۆتۆ : جەبار